## ئەی جوانترین کچی دنیا... کارزان گلی

ئەی جوانترین کچی دنیا
بە چاوانما..
ئەمرۆ لە دوێنی جوانتری
نیگات زۆر لە گوڵ گەشترە
لە شیرینی شیرینتری
باڵات لە شێوەی ئاڵایەو
لە چیاکان بەرزتری
ئەی جوانترین کچی دنیا
بە چاوانما...
چاوت لە ئاسمان شینترە
لێوت لەگوڵ ناسکترە
قژت لە رەەنگی
رەش زۆر رەشترە
دەنگت لە گشت نۆتەکانی
نا و ئاوازا بە جۆشترە
ئەی جوانترین کچی دنیا
پێش ئەوەی کە تۆ بناسم
زۆر کیژم ئاوێتەی خۆم کرد
زۆریشم بۆ رابواردن و بۆ
کاتی خۆم بەری ئەکرد
بەڵام گیانە ماچی هیچیان
وەك ماچی تۆ دڵ و جەرگمی
لەت نەکرد

karzan_ma82@yahoo. com